نامەکانی
فەرهاد پیرباڵ



گۆشەیەکی ئەرشیفییە ، تێیدا دکتۆر فەرهاد پیرباڵ لـــــــە ئەرشیفی خۆیەوە ئەو نامانە بلاوەدەکاتەوە کـــــــە لـــــە تێوان ئەو و نوسەر و رۆشنبیرەکانی کوردستاندا ئاڵوگۆڕ کراون ، گرنگی ئەم نامانە لەوەدایە هەریەکەیان حاڵەتێکی مێژوویی ، سیاسی، کۆمەڵایەتی سەردەمێکی دیاریکراو دەگێڕنەوە .

نامەی ئازاد شەوقی بۆ فەرهاد پیرباڵ

ئەم دوو نامەیە، مامۆستای هونەرمەندی نیگارکێش، ئازاد شەوقی، هەموویانی لەساڵی 1996 دا، لەسلێمانییەوە بۆ ناردبووم بۆ هەولێر. لەگەڵ هونەرمەند ئازاد شەوقی، بەبۆنەی دامەزراندنی گەلەری زامواوە لەسلێمانی، یەکترمان ناسی : چونکە نامەیان بۆم ناردبوو کە لەگەڵ مامۆستا محەمەد عارف و سلێمان شاکر و دارا محەمەد عەلی بچین هاوکارییان بکەین بۆ دامەزراندنی (گەلەری زاموا) لە سلێمانی. هەموومان پێکەوە دامانمەزراند و ئێستاش بەردەوامە. ئینجا پاشان گەلەری ئەربێلامان لە هەولێر دامەزراند و من بەڕێوەبەری بووم. ئەم نامانەی ئازاد شەوقی هی ئەو زەمانەیە.

فەرهاد پیرباڵ – سولەیمانی
1996/6/29

فەری هەردوو چاوم کاك فەرهاد

سلاوێکی پاك بۆ ئێوە و بنەماڵەتان. بەبرایان و خوشکانمان. من چاکم داوای کامەرانیتان بۆ دەخوازم. کاکە هونەرمەندێکی لاو بەناوی (روشدی ئەنوەر) کاری چاکی هەیە حەزدەکەم لەهەولێر یارمەتی (مادی، مەعنەوی) پێشکەشیکەیت، چونکە وەزعی فەقیرە ! وەك هەموو چاکەکان. کاکە بە تەرزەخان بڵێ باوکی زۆرچاکە، زۆرجار لەناو بازاڕدا چاومان بەیەکتری دەکەوێت، هەواڵت نازانم. هیوام زۆرە پرۆژەی نوێی هونەری، کلتوری، رۆشنبیری لەنێو دەکەین. دکتۆرگیان بۆ خەبەرتان نییە ؟ هەواڵت نازانم سلاوم بۆ بەرێز دایکی تەرزەخان. چاوەڕێی میوانە تازەکە ئەربیلا سازدرابێت. ئەویش لە جەنابتان و تێکڕا هاودڵسۆزان دوور نییە. کاکە شریتی کورەکەم لە ئەربیلا کە لەلای هێرۆخان بوو کاك زاهیر وتی هێرۆخان تەسلیمی جەنابتانی کردووە. هیوام زۆرە پێمبگات مەمنون دەبم ئەویش وەك شریتی محافیزین نەڕوات. چونکەئەرشیفی ئاخری تەمەنە !! گوناهە بڕوات .. بەهاتنی جەنابتان بۆ سولەیمانی بەدەستم بگات ..دەست بەکارم . بەلاّم هەر بۆخۆم هەندێك کار ئەنجامدەدەم. ئەگەر ئاشتی هاتە کایەوە دەست بەگەشتەکانم دەکەم بەرەو رەواندوز و رایان و قنیس بۆ کاری هونەری .
سلاوم بۆ بنەماڵەی وێران. ئیتر هەربژین.

ئازاد شەوقی – سولەیمانی
1996/6/10

گیانی برا نووری هەردوو چاوم د.فەرهاد

سلاوێکی پاك و جوان. پیرۆزبێت 403 وێران ... پیرۆزبێت خولی نوێی گەلەری ئەربێلا .. پیرۆزە جموجۆڵی میوانی خۆشەویستی بنەماڵەی د.فەرهاد خوشکی بەڕێز تەرزەخان. هەروەها پیرۆزە بێشکە و حەتمەتۆکەی کە دایکی تەرزەخان بەرەو هەولێری گەیاند..
کاکە هەواڵتم لە دکتۆر مارف پرسی .. نازانم پرۆژەی نوێ و چالاکی هونەری نوێمان بەرەو چ ئاقارێك دەڕوات، هەمیشە دڵم خۆشە و گەشبینم کە هەمیشە کاروانی جوانی و برایەتی لەهەولێری ئازیز بەهۆی جەنابتان و هەندێك لەو هونەروەرانەی کە دڵسۆزی هونەری کوردن جێی خۆیان کردووە لە دەروونی رۆشنبیران.
لێرە لە د.مارف و کاك مەولود ئیبراهیم حەسەن وەك پرۆژەیەکی رۆشنبیری و هونەری، سازی دوو موحازەرە لەکاتی ئەم هاوینە ئەنجامدەدرێت (لەگەلەری زاموا ماڵی هونەرمەندان) بۆ هونەرمەندانی شێوەکاری سلێمانی دڵنیام سودی زۆردەبێت. چونکە پێویستمان بەو پردە پتەوە زۆرە. پردی خۆشەویستی، پردی گفتوگۆ. بەتایبەتی لەمرۆژانە. کاکە دکتۆر... هەستدەکەم کە دڵت خۆشە بۆ بۆچوونەکانم. بەلاّم حەزدەکەم گوێم لەدەنگت بێت هەموو کاتێك چونکە سۆزی مەزنە و پاکە.. رێزم بۆ تەرزەخان بۆ بنەماڵەی ئەربێلا . بۆ مامەی (حەرەسەکە). سلاّو بۆ محەمەد عارف و سلێمان شاکر. بنەماڵە د.فەرهاد، براکان و کارگێڕەکانی نوسینگەی وێران.

براتان ئازاد شەوقی